بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیـــــار**
**ژمارە ( ٢١ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یـــاســـــای وەزارەتی خوێندنی بـــــاڵا و توێژینەوەی زانســــــتی هەرێمی کــــــوردستان ـ عێراق**

به پێی برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣١) لە ٢٥ /٢٠٠٨/٦ بریارماندا بە دەرکردنی:

# یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨
# یـاســای وەزارەتی خوێندنی بـــــاڵا و توێژینەوەی زانســـتی هەرێمی کوردســــــتان ـ عێراق

## بـــــەشی یەکــــــەم
## پێـــناسەکـــان

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەکەم :** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم :** ئەنجومەنی وەزیران : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم :** وەزارەت : وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێم.

**چوارەم :** وەزیر: وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێم.

**پێنجەم :** ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێم.

**شەشەم :** خوێندنی باڵا: هەموو قۆناغەکانی خوێندنی حکومی و نا حکومی دوای قۆناغی ئامادەیی.

**حەوتەم :** ئەنجومەنی کوردستانی: ئەنجومەنی کوردستانیی باڵا بۆ پسپۆڕییە پزیشکیەکان لە هەرێم.



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

## بەشـــــی دووەم
## ئـــامـــــانـــج و ئەركـەكـــــان

**ماددەی دووەم :**

وەزارەت هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەدی بهێنێت:

یەكەم :جێبەجێ كردنی سیاسەتی گشتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئامادەكراوە و لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە پەسندكراوە.

دووەم :هێنانەدی كۆڕانگارییەكی چۆنایەتی و سازان لەگەڵ پەرەسەندنەكانی جیهانی لە مەیدانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەرزكردنەوەیان بۆ ئاستی پێویست لە بوارەكانی زانستی و هونەری و تەكنۆلۆجی دا.

سێیەم : هینانەدی گونجان و پێگەیشتن لە نێوان خوێندنی باڵا و پێداویستیەكانی هەرێم لە كادیری زانستی وهونەریی شیاوەوە.

چوارەم :كاركردن لە پێناوی هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان پێشكەوتنی زانستە نەزەرییەكان و ئەوەی پێویستە لە ڕووی فراوان كردن و پەرەپێدان لە تاقیكردنەوە و كاركردنی پراكتیكی وتاقیگەییەوە.

پێنجەم : دابین كردنی پاراستنی (حصانە)ی زانستی بۆ بیرمەندان و زانایان و توێژەران وداهێنەران و نرخاندنی ئەركە زانستیەكەیان و هاندانی دەست پڕژانی زانستی (التفرغ العلمی) بەمەبەستی دروستكردنی كەسایەتی مرۆڤــ بە شێوەیەك كە پشت بە بیركردنەوەی ئازاد و كاركردنی بەردەوام بۆ بەدیهێنانی كومەڵگایەكی ئازاد و گەشەدار ببەستێ.

شەشەم: هاندانی خوێندن و لێكۆڵینەوەی زانستی و پشتگیریی كردنیان و بەرزكردنەوەیان و فراوانكردنی پسپۆڕایەتی هونەریی و تەكنۆلۆژی بە جۆرێك كە لەگەڵ پێداویستیەكانی گەشەپێدانی مرۆیی و ماددی لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی وئابووری ورۆشنبیریی وفیكری لە هەرێمدا بگونجێ.

حەوتەم: وەبەرهێنانی توانا و بەهرە زانستیەكان وسوود وەرگرتن لە ڕێگاو شێواز و هۆیە زانستیەكانی هاوچەرخ بۆ ڕۆیشتن لەگەڵ پێشكەوتنی زانستی و تەكنۆلۆجی لە جیهاندا.

هەشتەم: هاندانی دەزگاكانی خوێندنی باڵای ئەهلی لە هەرێمدا.

نـــۆیەم: پاراستنی كە لە پووری گەلی كوردستان و گەشەپێدانی و گرنگی دان بە مێژوو و بەهاكانی و دەرخستنی شوێنەوارە شارستانیەكانی و گرنگی دان بە ڕۆشنبیریی گشتی و بەهێزكردنی ئینتیمای نیشتمانی.

دەیـــەم:گەشەپێدانی شارەزایی ئەوانەی كە بەلانی كەم زمانێكی بیانی دەخوێنن لە مەیدانی پسپۆڕییەكەیان و كارایی شیاویان پێ بدرێ بۆ بەكارهێنانی تەكنۆلۆجیا.

یـازدەم: بنیاتنانی ناوكێكی زانستی (نواە علمیە)ی تەكنیكی نیشتمانی.

دوازدەم: كاركردن لە پێناوی كردنی زمانی كوردی بە زمانی فێركردن و خوێندن لە قۆناعەكانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆییەكاندا وهاندانی وەرگێڕان و دانان و چاپەمەنییە زانستی ورۆشنبیریی و ئەكادیمییەكان بۆ زمانی كوردی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت بەدیهێنانی ئەم ئەركانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەكەم:** دانانی ستراتیجییەت و پلان بۆ گەشەپێدان بە خوێندنی بالاَ وتوێژینەوەی زانستی بە پێی ئەو سیاسەتەی كە حكومەتی هەرێم دایدەنیٚ.

**دووەم:** دانان و پەسندكردنی پلانی پێویست بۆ پەرەپێدانی بەرنامەكان و هاندانی بزووتنەوەی دانان و توێژینەوەی زانستی و وەرگێران لە زانكۆكان و دەزگا زانستیەكانی دیی دا.

**سێیەم:** دانانی پلانی پێویست بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی كادیری فێركردن لە مەیدانی خوێندنی بالاَ، بە ئامادەكردنی مامۆستایانی زانكۆ و شارەزای پسپۆڕ لە رۆڵەكانی هەرێم و چاودێریكردنی زانا و بیرمەندان و گرنگی دان بە توێژینەوەی زانستی و چاودێری كردنی بەهرەی داهێنان و دۆزینەوە و هاندانی وپشتگیریی كردنی وكاركردن لە پێناو فەراهەمكردنی پێویستیە هونەری و ماددیی ومەعنەوییەكان كە یاریدەی توێژەران و داهینەران دەدەن بۆ بەدواداچوونی كارە زانستیەكانیان بە متمانە و دڵنیاییەوە.

**چوارەم:** داننان بە دەزگا زانكۆیی و زانستیە نا عێراقیەكان و پەسەندكردنی بنچینەكانی هاوتایی بۆ پلەو بڕوانامە زانستیەكانیان.

**پێنجەم:** پێشنیازكردنی كردنەوەی زانكۆی حكومی و دەزگاكانی خوێندنی بالاَ یان هەڵوەشاندنەوەیان یاخود لێكدان و لێكجیاكردنەوەیان یان گواستنەوەیان لە ناو هەرێمدا.

**شەشەم:** رەزامەندی لەسەركردنەوەی كۆلێج و پەیمانگای نوێ لە هەرێمدا یان كەرتكردنیان یان لێكدانی ئەوانەی هەنە لەگەڵ یەكدا.

**حەوتەم:** پشتگیریی كردنی هاوكاری و ئاڵوگۆڕكردنی رۆشنبیریی و زانستی لەگەڵ زانكۆ و دەزگاكانی خوێندنی بالاَی دەرەوەی هەرێم.

**هەشتەم:** چاودێری كردنی ئەوانەی دێن بۆ هەرێمی كوردستان یان لێی دەردەچن لە قوتابی ومامۆستا و توێژەر و دابین كردنی پێویستییە زانستی و كۆمەڵایەتیەكانیان وهاندانی گەڕانەوەی خاوەن كەفائەتەكانی نیشتمانی لە دەرەوەی هەرێم.

**نۆیەم:** پێشنیازكردنی پرۆژەی یاساو ئەو پێڕەوانەی كە بە خوێندنی بالاَ و توێژینەوەی زانستیەوە پەیوەستن.

**دەیەم:** ئامادەكردنی پرۆژەی بودجەی گشتی بۆ وەزارەت و دەزگاكانی.

**یازدەم:** هەڵسەنگاندنی دەزگاكانی خوێندنی سەر بە وەزارەت و دانانی میكانیزمێك بۆ چاكسازییە پێویستەكان لە لایەن خودی دەزگای خوێندنەكەوە.

**دوازدەم:** بە دواداچوونی كاری دەزگاكانی خوێندن و توێژینەوەی زانستی بە شێوەیەك ئاستی زانستی بە پێی بەرزەفت و پێوەری جیهانی بەكار هاتوو بپارێزیٚ و رێكاری پێویست بۆ دابین كردنی بگرێتە بەر.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

**سێزدەم:** ئاڵوگۆڕکردنی زانایان و بیرمەندان وتەدریسی لەگەڵ زانکۆکان و دەزگا زانستییە عێراقی وبیانیەکان وئینتیدابکردنیان.

**چواردەم:** کارکردن لە پێناوی فەراهەمکردنی کورسی خوێندن بۆ سەرکەوتووەکان بۆ خوێندنی باڵا لە دەرەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

## بـــەشـــی سێـــــیەم
## پێکـهـــــاتــە و دەسەڵاتەکـــــــان

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم:** وەزیر :سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی و، لەوەوە هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەك دەردەچن لە بارەی هەر شتێکی پەیوەندیی بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەستەڵات و هەموو کاروبارێکی هونەریی و دارایی وکارگێڕی و ریکخستنەوە هەبێ بە پێی حوکمەکانی یاسا و بەرپرسیشە لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی ئەندامێکی هاوکارە تێیدا و بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەکانی بدات بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوە بەرەگشتیەکان یاخود ئەوەی بە شیاوی دەزانێ لە وەزارەتدا و بە شێوەیەکی تایبەتیش ئەم دەستەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

١- پێشنیازکردنی کردنەوەی زانکۆ و دەستەکان لەسەر راسپاردەی ئەنجومەن.

٢- پێشنیازکردنی دامەزراندنی بریکاری وەزارەت و سەرۆکەکانی زانکۆ ودەستەکان و راوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەرزکردنەوەیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٣-پێشنیازکردنی دامەزراندنی راگر و یاریدەدەرەکانی سەرۆکی زانکۆکان و دەستەکان لەسەر داوای سەرۆکی زانکۆ یاخود دەستە و بەرزکردنەوەیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٤- پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی زانکۆ و کۆلێج و پەیمانگا بەرزەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی نا حکوومی بە پێی یاسا و ڕێنمایی و بەرزەفتەکان.

٥-ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە لە بارەی خوێندنی باڵا لە هەرێم و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

٦-پێشکەش کردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی وەزارەت و پێکهاتە و دەزگاکانی بە ئەنجومەنی وەزیران.

٧- خەرج کردنی کرێ و دەرماڵە و قەرەبووکردنەوە و پێدانی و یاداشت بە کارمەندانی وەزارەت و غەیری کارمەندانی لەوانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە وەزارەت دەکەن بە پێی ئەم یاسایە.

٨- راگرتنی خوێندن لە زانکۆکان یا کۆلێجەکان یاخود پەیمانگا حکومی و ئەهلیەکان بۆ ماوەیەك لە دە رۆژ زیاتر نەبێ.

٩-پەسندکردنی کۆنووسی ئەنجومەنەکانی زانکۆ و دەستە حکومیەکان و ئاگاداربوون لە کۆنووسی دانیشتەکانی زانکۆ نا حکومیەکان.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

١٠- بەدواداچوونی پلانە پێویستەکان بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکان و هاندانی بزووتنەوەی توێژینەوەی زانستی و دانان و وەرگێڕان لە دەزگاکانی خوێندنی باڵادا.

١١- شمولکردنی ئەندامانی دەستەی دەرس وتنەوە لە سەنتەری وەزارەت بە دەرماڵەی تەفەرغی زانکویی.

١٢- رەزامەندنی دەربڕین لەسەر نێردراو و زەمالە و مۆڵەتی خوێندن و ئیعارە و ناردنە دەرەوەی عێراق.

**دووەم: ئەمانە بە وەزیرەوە دەبەسترێن:**

١- نووسینگەی وەزیر، فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بەلانی کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێ و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

٢- سکرتارییەت.

٣- بەشی راگەیاندن.

٤- بەشی وردبینی و چاودێری دارایی.

٥- بەشی یاسایی.

٦- نووسینگەی بەڕێوەبردنی پرۆژە زانستیەکان.

**سێیەم: بریکاری وەزارەت:**

١-یارمەتی وەزیر دەدات بۆ ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کاروبارە کارگێڕیی و دارایی و رێکخستنەکان لە چوار چێوەی ئەو دەستەڵاتانەی کە وەزیر پێی داوە، بە مەرجێك خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرا بێت و پایەی زانستی لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێ وشارەزایی و خزمەتی زانکۆیی لە پازدە ساڵکەمتر نەبێ.

٢-نووسینگەی بریکار فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێ.

**چوارەم: دەزگای سەرپەرشتی و بیمەی چۆنیەتی(QA):**

ئەرکی لێکۆڵینەوەی جێبەجێ کردنی باشی ئەرکەکانی زانکۆ و دەستەکان و رادەی رەوایەتی هەڵس وکەوت و گونجانیان لەگەڵ یاساکارییە کار پێکراوەکان لە ئەستۆ دەگرێ و فەرمانبەرێك بە پلەیەکی تایبەت لە هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا بە پایەی بەلانی کەم پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ و شارەزایی لە کاروباری زانستی و کارگیریی دا هەبێ کە لە پازدە ساڵ کەمتر نەبێ و چەند پسپۆڕ یاریدەی دەدەن و ئەرکەکانی بە پێڕەو دەسنیشان دەکرێن.

**پێنجەم: راوێژکاران:**

وەزیر چوار راوێژکاری دەبێ بە پلەی تایبەتی بۆ هەریەك لە کاروبارەکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و خوێندنی تەکنیکی و خوێندنی پزیشکی، بەمەرجێك پلەی زانستییان لە پروفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێ و خزمەتی زانکۆییان لە (٢٠) بیست ساڵ کەمتر نەبێ و خاوەن شارەزایی شیاوەییەکی تەواو بن.

**شەشەم: سەنتەری وەزارەت لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێکدێ :-**



www.mojkurdistan.com

١- فەرمانگەی كارگێڕیی ودارایی:

فەرمانبەرێك سەرۆكايەتی دەكات كە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بێ و خاوەن بڕوانامەی دوكتورا بێ و باشترە پسپۆڕبێ لە بەڕێوەبردن يان ياسا و خزمەت و شياوی و شارەزايی كارگێڕی تەواوی هەبێ بۆ ماوەيەك لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٢- فەرمانگەی لێكۆڵینەوە و پلاندانان و بەدواداچوون:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكايەتی دەكات كە بڕوانامەی دوكتۆرای هەبێ و بەلانی كەم پروفيسۆری ياريدەر بێ وخزمەتی زانكۆيی لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٣-فەرمانگەی نێردراوان و پەيوەندييە رۆشنبيرييەكان:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكايەتی دەكات كە بڕوانامەی دوكتۆرای هەبێ و بەلانی كەم پرۆفيسوری ياريدەدەر بێت و خزمەتی زانكۆيی لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٤- فەرمانگەی توێژينەوە و پەرەپێدان:

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكايەتی دەكات كە بڕوانامەی دوكتۆرای هەبێ و بەلانی كەم پرۆفيسوری ياريدەدەر بێ و خزمەتی زانكۆيی لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

٥- فەرمانگەی ئەندازياری و پرۆژەكان:

ئەندازيارێكی راوێژكاری بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكايەتی دەكات كە شارەزايی لە پازدە ساڵ كەمتر نەبێ و ئامادەكردن و وردبينی ديزاين و كەشفە ئەندازيارييەكانی بيناكانی وەزارەت دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی پێنجەم :**

**يەكەم :** ئەنجومەنێك لە ديوانی وەزارەت دادەمەزرێ پێی دەگوترێ (ئەنجومەنی خوێندنی باڵا و توێژينەوەی زانستی) ولەمانە پێكدێ:

١- وەزير : سەرۆكە.

٢- بريكاری وەزارەت: ئەندامە ولە كاتی نە هاتنی وەزير سەرۆكايەتی ئەنجومەن دەكات.

٣- سەرۆكەكانی زانكۆ حكومی و دەستەكان: ئەندامن.

٤- سەرۆكی دەزگای سەرپەرشتی وبيمەی چۆنايەتی: ئەندامە.

٥- راوێژكاران : ئەندامن و بۆيان هەيە بەشداريی لە و تووێژەكاندا بكەن و رای خۆيان دەربڕن بێ ئەوەی مافی دەنگدانيان هەبێ.

٦- سەرۆكی ئەنجومەن بۆی هەيە نوێنەری هەر لايەنێكی حكومی و نا حكومی لەوانەی شارەزايی و پسپۆڕييان هەيە لە كاتی پێويستدا بانگهێشت بكات.

**دووەم :** سكرتاريەتی ئەنجومەن: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات كە بەلانی كەم بڕوانامەی ماجستێری هەبێ و بەرپرس دەبێ لە تۆماركردنی كۆنووسی دانيشتنەكان و گشتاندن و بەدواداچوونی جێبەجێ كردنيان.

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

سێیەم : ئەنجومەن بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەبەسترێ و مانگێ جارێك بەشێوەیەکی ئاسایی کۆدەبێتەوە و وەزیر بۆی هەیە بانگهێشتی سازدانی بە شێوەی نا ئاسایی بکات هەر کاتێ پێویستی کرد و، بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادە بووەکان وەردەگیرێن و ئەگەر دەنگەکان وەکو یەك بوون ئەو لایەنە دەیباتەوە کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

چوارەم : ئەنجومەن ئەم دەستەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١- بڕیاردان لەسەر بنەما گشتیەکان بۆ وەرگرتن لە خوێندنی بەرایی و باڵا لە زانکۆکان و دەستە حکومی یەکان و خوێندنی ئەهلی.

٢- داننان بە زانکۆکان و دەزگا زانستیە نا عێراقیەکان و بڕیاردان لەسەر بنەماکانی هاوسەنگی بۆ پلەو بڕوانامە زانستیەکانیان.

٣-بڕیاردان لەسەر پلەو نازناو و بڕوانامەی زانستی کە لەلایەنێکی حکومی ونا حکومی لە هەرێم دراون و دانانی مەرجەکانی پێدانیان.

٤- راسپاردنی بنیات نانی زانکۆکان و سەنتەری توێژینەوەی راهێنانی ئەهلی لە بواری خوێندنی باڵا بە پێی یاسا و رێنماییەکان لە هەرێم.

٥- بریاڕدان لەسەر دامەزراندنی کۆلێج و پەیمانگاکان.

٦-بڕیاردان لەسەر بەستنی کۆنگرەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ پەرەپێدانی کارگێریی و زانستی و تەکنیکی و کارکردن بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی خوێندن و ئەو یاساکارییانەی پەیوەستن بە خوێندنی باڵاو پێڕەوەکانی خوێندنەوە.

٧-پێشنیازکردنی پرۆژەی یاسا و پێڕەوی پەیوەندیدار بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٨-پێداچوونەوەی ڕێنماییە کارپێکراوەکان و پێشنیازکردنی هەموارکردنی یا بەیەککردنیان یاخود هەڵوەشاندنەوەیان.

٩- پەسندکردنی ئەو رێککەوتننامە رۆشنبیریی و زانستی و تەکنیکیانەی کە دەزگاکانی وەزارەت لەگەڵ هاوتاکانی لە دەزگا بیانیەکانی فێرکردندا دەیبەستێ.

**ماددەی شەشەم :**

یەکەم : لە هەریەك لە سەنتەری وەزارەت و دەزگاکانیدا سندووقێك بۆ خوێندنی باڵا دادەمەزرێ و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی دەبێ (سەر بە خۆیی دارایی وکارگێریی وئەهلییەی یاسایی) و داهاتەکانی لەمانە پێکدێن.

١-رێژەی (١٠٪) لە قازانجەکان:

أ- خوێندنی ئێواران.

ب- نوسینگەکانی خزمەتگوزاری زانستی و راوێژکاریی.

ج- کرێی پشکنینەکانی تاقیگەیی و توێژینەوە زانستیەکان.

٢-ئەو رەسمانەی کە لە زانکۆ و کۆلێج و پەیمانگا نا حکومیەکان وەردەگیرێن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

٣- بەخشين و بەخشش و پيتاك و وەقف كردن و باربوو (ئيكتيتاب) بە پێی ياساكارييە پەيڕەو كراوەكان.

دووەم : ئەو داهاتانەی كە بەدەست دێن بەڕێژەی(٥٠٪) بۆ مەبەستەكانی هاندانی كارمەندان خەرج دەكرێ و ئەوەی دەمێنێتەوەش بۆ مەبەستی چاككردن (صيانە) و چارەسەركردنی خنكاندنەكانی تايبەت بە پرۆسەی خوێندن و پەرەسەندنەكان لە وەزارەتدا تەرخان دەكرێ.

سێيەم : بەڕێوەبردنی سندووقەكە ئەنجومەنێك دەيگرێتە ئەستۆ.

## بـــــەشـــــی چـــــــوارەم
## دەزگـــاكــــــانی خــــوێـندنی بـــــــالاّ

**ماددەی حەوتەم :**

يەكەم : دەزگاكانی خوێندنی بالاّ لە زانكۆ و دەستە و كۆلێج و پەيمانگا و سەنتەری توێژينەوە حكومی و نا حكوميانە پێكدێن و ئەم دەزگايانەی خوێندن بە وەزارەتەوە دەبەسترێن:

١- زانكۆی سەلاحەدين/ هەولێر.

٢- زانكۆی سلێمانی.

٣- زانكۆی دهۆك.

٤- زانكۆی كۆيە.

٥- زانكۆی هەولێری پزيشكی.

٦- ئەنجومەنی بالاّی كوردستانی بۆ پسپۆڕييە پزيشكيەكان.

٧- دەستەی خوێندنی تەكنيكی هەولێر/ سلێمانی.

٨- دەستەی كوردستانی بۆ خوێندنە ستراتيجيەكان و توێژينەوە زانستيەكان.

٩- هەر دەزگايەكی ديكەی حكومی كە هەنە يان دوای دەرچوونی ئەم ياسايە دادەمەزرێن.

دووەم :زانكــۆی كـــوردســـتان (كە بە پێی فـەرمـــــانی ئەنجومەنی وەزيـــرانی هەرێمی كوردستان ژمارە(٣٩١٥)ی رۆژی ٤/٢/٢٠٠٦ دامەزراوە و تايبەتمەنديی خۆی دەپارێزێ).

## بـــــەشی پـێـنـجـــــەم
## زانـــكـۆكـــــان

**ماددەی هەشتەم:**

يەكەم: زانكۆ حەرەمێكی ئارام و پارێزراوە و سەنتەرێكی هزری وشارستانييە و ئەقڵ لە كەش و هەواكەيدا گەشەدەكات و توانای داهێنان ودۆزينەوە تيايدا بەرز دەبێتەوە و نابێ دەست لە كاروباری وەربدرێ مەگەر ياسا رێگەبدات و بەر پرسيارێتی راستە و خۆی لە ئەستۆدايە بۆ بەديهێنانی ئامانجەكانی كە لەم ياسايەدا هاتوون. بۆيە پێويستە بەردەوام لێكۆڵينەوە و توێژينەوە لە هەموو لايەنێكی زانياريی مرۆڤايەتی و زانستی و واقيعی پێويستيە نوێكان ئەنجام بدات كە لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنولۆجی لە جيهاندا و پێويستيەكانيدا بگونجێ تاكو ئەو بۆ شاييە زانستی و تەكنيكيەی لە نێوان خۆمان و

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد
www.mojkurdistan.com

دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا هەیە کەم بکرێتەوە و لەگەڵ پەرەسەندنەکانی زانستی بڕۆین، لەگەڵ ڕەچاو کردنی تایبەتمەندیی کۆمەڵگای کوردستانی.

دووەم: زانکۆ و کۆلێج و ئەو پەیمانگایانەی پێیەوە بەستراون کەسایەتیەکی مەعنەوییان هەیە (سەربەخۆیی دارایی و کارگێریی و ئەهلییەی یاسایی) بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکانی وئەنجومەنێك کاروبارەکەی بەڕێوە دەبات.

سێیەم: زانکۆ لە کۆلێجی ئەکادیمی و سەنتەری توێژینەوە و کۆلێج و پەیمانگای تەکنیکی لە بواری خوێندنی تەکنیکی دوای خوێندنی دواناوەندیی و هاوشانەکەی پێکدێ، لەگەڵ هەر پێکهاتەیەکی تر بە پێی پێویست لە رووی زانیاری تیۆری پراکتیکەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

سەرۆکی زانکۆ لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە سەر پێشنیازی وەزیر بۆ ماوەی چوار ساڵ دادەمەزرێ وقابیلی درێژ کردنەوەیە بۆ یەك جار و بە پلەی تایبەتی دەبێ و بە پێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە:.

یەکەم: بڕوانامەی دوکتۆرای هەبێ.

دووەم: بەلانی کەم پایەی پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەبێت.

سێیەم: خزمەتی لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێ.

چوارەم: خاوەن توانا و شیاوی کارگێڕیی و شارەزایی و دەست پاکی و ئەمانەتی زانستی بێت لە کارکردندا.

**ماددەی دەیەم :**

سەرۆکی زانکۆی ئەم دەستەڵاتانەی خوارەوە بەکاردێنێ:

یەکەم : سەرۆکایەتی ئەنجومەنی زانکۆ دەکات و بانگهێشتی دەکات بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی و نا ئاسایی و بڕیارەکانی جێبەجێ دەکات و نوێنەرایەتی زانکۆ لەبەردەم هەموو لایەنەکاندا دەکات.

دووەم : بەڕێوەبردنی کاروباری زانستی وکارگێڕیی و دارایی زانکۆ بە پێی حوکمی یاسا و پێڕەوە پەیوەندیدارەکان.

سێیەم : بەڕێوەبردنی ئەموالی گوێزراوە و نە گوێزراوە بە پێی یاسا و پەیرەو و ڕێنماییە جێبەجێ کراوەکان.

چوارەم : لەگەڵ ئەندامانی دەستەی دەرس وتنەوە و هونەریی بیانییاندا گرێبەست مۆردەکا.

پێنجەم: رەزامەندی دەدات لەسەر ئیفادکردن و خواستنەوە (اعارە) و مۆڵەتی خوێندن لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێج یان پەیمانگا.

شەشەم: دامەزراندنی سەرۆکی بەشەکان ولقەکان و یاریدەدەرانی راگرەکان لە کۆلێج و پەیمانگاکان لەسەر بنەمای پاڵاوتنیان لە لایەن ڕاگرەوە.

حەوتەم: بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی خزمەتی زانکۆیی.

هەشتەم: پاڵاوتنی راگرەکان و یاریدەرەکانیان.

نۆیـــەم: سەرۆکی زانکۆ بۆی هەیە هەندێك لە دەستەڵاتەکانی خۆی بە راگر و یاریدەدەرەکان یان ئەوەی بە شیاویان دەزانێ بدات.



www.mojkurdistan.com

**ماددەی یازدەم :**

سەرۆكی زانكۆ سێ یاریدەدەری دەبێ بۆ هەریەك لە كاروباری كارگێریی و دارایی، كاروبــاری زانستی و خوێندنی بـــــالآ و كاروباری قوتابییان و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دوای پالآتنیان لە لایەن سەرۆكی زانكۆوە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێن بە پێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە:

١- بڕوانامەی دوكتۆرای هەبێ.

٢- بە پایەی بەلانی كەم پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ.

٣- ماوەی بەلانی كەم (١٠) دە ساڵ خزمەتی زانكۆیی هەبێ.

**ماددەی دوازدەم :**

زانكۆ ئەنجومەنێكی دەبێ كە دەستەی زانستی و كارگێریی بالآیە تێیدا و لەمانە پێكدێ:

**یەكەم** : سەرۆكی زانكۆ    سەرۆكە.

**دووەم** : یاریدەدەرەكانی سەرۆكی زانكۆ    ئەندامن.

**سێیەم** : ڕاگرەكان    ئەندامن.

**چوارەم** : ئەندامێك لە دەستەی دەرس گوتنەوەی زانـــكۆ و لە غەیری كارگێرییەكان و بە پایەیەكی زانستی لە ماموٚســـتا كەمتر نەبێ و لە لایەنیەوە بۆ ماوەیەك هەڵدەبژێردری كە لە دوو ســـاڵ كەمتر نەبێ    ئەندام.

**پێنجەم** : بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی زانستی    ئەندام.

**شەشەم** : نوێنەرێك لە هەر وەزارەتێك لە وەزارەتە پەیوەندیدارەكان دەخرێتە سەر ئەنجومەنی خوێندنی تەكنیكی لەوانەی كە بەلانی كەم لە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی بن و لە هەڵبژاردنیاندا شارەزایی وپسپۆڕیی ڕەچاو دەكرێ و ئەندامەتیان بۆ ماوەی دوو ساڵە و قابیلی نوێكردنەوەیە.

**حەوتەم**: نوێنەری قوتابیان لەسەر ئەو كاروبارانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە، ئامادەی ئەنجومەنی زانكۆ دەبێ.

**ماددەی سێزدەم :**

ئەنجومەنی زانكۆ ئەم دەسەلآتانەی هەیە:

**یەكەم**: پسپۆڕییە زانستیەكان:

١- ئامادەكردن و جێبەجێ كردنی پلانەكانی وەرگرتن بۆ خوێندنی بەرایی لە كۆلێجەكان و ئامادەكردنی پلانی وەرگرتن بۆ خوێندنی بالآ.

٢- بڕیاردان لەسەر پلانەكانی توێژینەوەی زانستی كۆلێج و سەنتەرە زانستییەكانی پەیوەست پێیەوە.

٣- بڕیاردان لەسەر پلانێك بۆ فەراهەمكردنی پێداویستیەكانی خوێندن.

٤- بڕیاردان لەسەر پلانی كردنەوەی بەش ولقەكانی سەنتەری زانستی.

٥- بڕیاردان لەسەر پلانی خوێندنی بالآ.

٦- بەخشینی پلەی زانستی بە ئەندامانی دەستەی دەرس وتنەوە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

٧- بەدواداچوونی بەرنامەکانی خوێندن.

٨- پێشنیازکردنی بەرنامەی خوێندن و گۆڕانکاریی کردن تێیدا بۆ پتەوکردنی باری زانستی و پێشکەش کردنی بە وەزارەت بۆ بڕیاردان لەسەری.

٩- وەستاندنی خوێندن بە یەکجاری یان بەشێکی بۆ ماوەیەك لە ٦ رۆژ زیاتر نەبێ.

١٠- دانانی میکانیزمێك بۆ جێبەجێ کردنی پلانی وەزارەت و ستراتیجیەتەکەی.

١١- هەڵسەنگاندنی کار و باشیی دەزگاکانی.

١٢- پێدانی بڕوانامەی زانستی.

دووەم: دەسەلأتە کارگێڕییەکان:

١- بڕیاردان لەسەر پلأنەکانی پەیوەندییە رۆشنبیرییە دوو قۆڵیەکان لەگەڵ زانکۆ و دەزگا زانستیەکانی کە لە دەرەوەی هەرێمن و جێبەجێ کردنیان.

٢- جێبەجێ کردنی پلانی ئامادەکردنی میلاکی زانستی و هونەری وکارگێریی کۆلێج و سەنتەرە زانستییەکان.

٣- دامەزراندنی مامۆستای وانە بێژو هونەریی وکارگیریی بە پێی میلاك و بوونی پلە.

سێیەم: دەسەلأتە داراییەکان:

١- ئامادەکردنی پلانی بودجەی سالأنە وپلانی وەبەرهێنان.

٢- پەسندکردنی بڕیاری لیژنە تایبەتەکان بە کوژاندنەوەو نرخدانان و بەکرێگرتن وفروشتنی ئەموالی گوێزراوە و نە گوێزراوەی زانکۆ.

٣- بڕیاردان لەسەر ژمێریاریی کۆتایی.

چوارەم: ئەنجومەن بۆی هەیە هەندێ لە دەستەلأتەکانی بداتە سەرۆکی زانکۆ.

**ماددەی چواردەم :**

راگری کولێج یا پەیمانگا:.

یەکەم: ڕاگری کۆلێژ دەبێ خاوەنی بڕوانامەی دوکتۆرا بێ و بەلانی کەم بە پایەی پروفیسۆری یاریدەدەر بێ و خزمەتی زانکۆیی لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت. ڕاگری کۆلێژ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێت و لەسەر پێشنیازی سەرۆکی زانکۆ دادەمەزری بۆ ماوەی چوار ساڵ.

دووەم: ئەوەی بە راگری پەیمانگا دادەمەزرێ دەبێ بەلانی کەم بڕوانامەی ماستەری هەبێ بە پلەی مامۆستا (مدرس) بێ و خزمەتی زانکۆیی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێ و بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێت و لەسەر پێشنیازی سەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێ بۆ ماوەی چوارساڵ.

سێیەم: ڕاگر، یاریدەرێکی بۆ کاروباری کارگێڕیی و قوتابیان دەبێ ، بە مەرجێك دەبێ بە پلەیەکی زانستی بێ لە مامۆستا (مدرس) کەمتر نەبێ و بەبڕیاری سەرۆکی دەستە و لەسەر راسپاردەی ڕاگر دادەمەزرێ و دەشکرێ هەر کاتی پێویستی کرد یارمەتیدەرێکی دیکەی بۆ زیاد بکرێ.

**ماددەی پازدەم:**

راگر ئەم ئەرك و دەستەلأتانەی خوارەوەی هەیە:

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

**یەكەم : دەسەڵاتە زانستیەكان:**

١- بەدواداچوونی ڕێكخستنی خوێندنی بەرایی و بــــــاڵا و كـــــاركردن لە پێناوی بەهێزكردنی بارودۆخی پەروەردەیی وزانستی دا.

٢- پەسندكردنی راسپاردەی ئەنجومەنی بەش ولقەكان.

٣- رەزامەندی دەربڕین لەسەر دابەش كردنی بابەتەكانی خوێندن و یەكەكانی وەرزیی بەسەر ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە و وانەبێژان (محاچرین) و دامەزراندنی لیژنەكانی گفتوگۆكردنی نامەكان و دیاری كردنی كاتەكانیان.

٤- پیادەكردنی ئەو یاسا و پێڕەو و ڕێنماییانەی كە لەبارەی ڕێكخستنی كاروباری زانستی و پەروەردەیی و بڕیارەكانی لایەنە باڵاكانەوە دەردەچن.

**دووەم : دەسەڵاتە كارگێڕیی و داراییەكان:**

١- پیادەكردنی ئەو یاسا و پێڕەو و ڕێنماییانەی بە كاروباری كاگێڕیی و داراییەوە پەیوەستن.

٢- رەزامەندیی دەربڕین لەسەر راسپاردەی ئەو لیژنانەی كە لە كۆلێج و پەیمانگاكان پێكدێن.

٣- تۆماركردنی قوتابییان بۆ خوێندنی بەرایی و باڵا.

٤- رەزامەندیی دەربرین لەسەر كڕینی كەل وپەلەكانی تاقیگە و پێداویستیەكانی دیكە لە گۆڤار وكتێب وهاوردنیان.

٥- رەزامەندیی دەربڕین لەسەر خەرجكردنی پاداشت بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی زانكۆن، لەبارەی مەشق و دەرس وتنەوە و سەرپەرشتی كردنی نامەكان و بەشداری كردن لە لیژنەی ئەزموونەكانی گشتگیر و لیژنەكانی گفتوگۆكردن بە پێی یاسا كارپێكراوەكان.

٦- راسپێری بۆ گۆڕینی ناونیشانی تەكنیكاران و كارگێڕان لە چوارچێوەی میلاكی كۆلیج یان پەیمانگا بە گوێرەی حوكمەكانی یاسا و پێڕەو و ڕێنماییەكان.

٧- راسپێری بۆ گواستنەوەی كارمەندان لە تەكنیكاران و كار گێڕان و دابەشكردنیان بە سەر كۆلێج و پەیمانگا وفەرمانگەكانی زانكۆدا.

**سێیەم** :راگر بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەكانی زانستی و كارگێڕیی و دارایی خۆی بە سەرۆكی بەشەكان و یاریدەدەرانی بسپێرێ.

**ماددەی شازدەم:**

كولێج یان پەیمانگـــا ئەنجومەنێكی دەبێ و ئەویش دەستەی زانستی و كارگێڕی و داراییەكەیەتی و لەمانە پێكدێ:

**یەكەم:** ڕاگر: سەرۆكە.

**دووەم:** سەرۆكەكانی بەشەكان یان لقە زانستیەكان : ئەندامن.

**سێیەم :** یاریدەدەری راگر: ئەندامە.

**چوارەم** :نوێنەری ئەوانەی دەرس دەڵێنەوە لە كۆلیج یان پەیمانگا و بە پایەیەكی زانستی كە لە مامۆستا(مدرس) كەمتر نەبێ، دەستەی دەرس گوتنەوە بۆ ماوەیەك هەڵیدەبژێرێ كە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ: ئەندامە .

**پێنجەم :** ئەنجومەنی كۆلێج یان پەیمانگا بۆی هەیە ئەندامێكی تر لە یەك لە وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بە هەمان پسپۆری بۆ خۆی و زیاد بكات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

شەشەم : نوێنەری قوتابییان بۆ كاروبارێك كە پەیوەندیی پێیانەوە هەبێ ئامادەی ئەنجومەنی كولێج یا پەیمانگا دەبێ.

**ماددەی حەڤدەم :**

ئەنجومەنی كۆلێج یا پەیمانگا ئەم ئەرك و دەستەڵاتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:.

یەكەم : تایبەتمەندییە زانستییەكان:

١. دانانی پلانی وەرگرتن(قبول) بۆ خوێندنە بەراییەكان و پێشنیازكردنی دانانی پلانەكانی وەرگرتن بۆ خوێندنی باڵا بە پێی بەش یان لقی زانستی و مەرجی تایبەت پێی و بەدواداچوونی جێبەجێ كردنی.
٢. دانانی پلانی تایبەت بە توێژینەوەی زانستی و دانان و وەرگێڕان و بڵاوكردنەوەو دابینكردنی پێداویستیەكانی خوێندن.
٣. دانانی پلان بۆ كردنەوەی بەش و لق و سەنتەرەكانی زانستی و پێشنیازكردنی دامەزراندنیان یان لێكدانیان یاخود هەڵوەشاندنەوەیان و دابەشكردنی پرۆگرامەكانی خوێندن بەسەر ساڵەكانی خوێندندا.
٤. بڕیاردان لەسەر پلانی بەشە زانستیەكان سەبارەت بە مامۆستا میوانە بانگێشكراوەكان
٥. بڕیاردان لەسەر ناونیشانی نامە زانستییەكانی زانكۆ و ناونانی لیژنەكانی ئەزموونی گشتگر و سەرپەرشتیار و هاوبەش و ئەنجامی گفتوگۆ و زیادكردنی بابەتەكانی خوێندن بۆ خوێندنی باڵا یان لابردنیان.
٦. ڕەزامەندیی دەربڕین لەسەر ناونانی ئەوانەی ئەزموونی دەرەكی دەدەن و ئەمەش لەسەر پێشنیازی بەش یا لقی زانستی دەبێ.
٧. ڕاسپاردن بە دامەزراندنی خوێندنی باڵا و پرۆگرامەكانی و پلانی ساڵانە و داهاتوویان.
٨. ڕاسپاردن بە بەخشینی بڕوانامەی زانستی.

دووەم: دەسەڵاتە كارگێڕییەكان:

١. سەرپەرشتی كردنی كاروباری كۆلێج یا پەیمانگا و بایەخدان بە هەموو لایەنی چالاكییەكانی.
٢. ئامادەكردنی میلاكی كۆلیج یان پەیمانگا لەناو ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە بەر لە كۆتایی ساڵی خوێندن لەبە ڕۆشنایی ئەوەی ڕاگر و ئەنجومەنی بەشەكان یان لقەكان پێشنیازی دەكەن.
٣. ڕاسپاردن بە پێدانی مۆڵەتی خوێندنی بەرایی و باڵا بە فەرمانبەرانی كۆلیج لەناو هەرێمدا ئەمەش لەسەر پێشنیازی بەش یان لقی زانستی تایبەتمەند دەبێ.
٤. پێشنیاز كردنی خواستنی (اعارە) خزمەتگوزاری ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە یان مۆڵەت پێدانیان و پێدانی زەمالە و هەناردنیان بۆ دەرەوەی هەرێم لەسەر پێشنیازی بەش یان لقی زانستی تایبەتمەند.
٥. ڕەزامەندیی دەربڕین لەسەر تەفەروغی ئەندامی دەستەی دەرس گوتنەوە لەناو هەرێم یان دەرەوەی بەپێی بەرژەفتی تایبەتی.
٦. سەپاندنی سزای بەرزەفتكاری بەسەر قوتابییاندا بەپێی پێڕەو و ڕێنماییە كارپێكراوەكان.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

٧. سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی پێڕەو و ڕێنماییەکان لەوانەی پەیوەندییان بە کاروباری زانستی لە کۆلێج یان پەیمانگاوە هەیە.
٨. ڕاسپاردن بە ئینتدابی ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە و وانە بێژیان بۆ خوێندنی باڵا بە پێی ژمارە و پێویستی کە بەشەکان و لقەکانی دەسنیشانی دەکەن.
٩. ئامادە کردنی پلانی شیاندن بۆ کادیرە زانستی و کارگێڕیەکان.
١٠. ئامادە کردنی پلان بۆ پەیوەندییە ڕۆشنبرییە دوو قۆڵییەکان.
١١. ئەنجومەن بۆی هەیە لیژنە دابمەزرێنی تاکو لە جێبەجێ کردنی ئەرکی زانستی و کارگێڕیی و دارایی و پەروەردەیی یاریدەی بدەن.
١٢. سەیر کردنی هەموو کاروبارێکی تر لە کۆلێج یان پەیمانگا کە لەراگرەوە بۆی دێت.

سێیەم: دەسەڵاتە داراییەکان:

١. پێشنیازکردنی پلانەکانی بودجەی ساڵانە و بەرنامەی هاوردن و وەبەرهێنان.
٢. ڕاسپاردن بۆ بڕیاردانی ژمێریارییەکانی کۆتاییی کۆلێج یان پەیمانگا.
٣. ئامادە کردنی پێداویستیەکانی کۆلێج یان پەیمانگا لە کارەکانی ئەندازیاریی و پرۆژەکانی تایبەت بە خۆی لە چوارچێوەی بودجەی گشتی وەبەرهێنان دا.

**ماددەی هەژدەم :**

بەش یا لقی زانستی: ئەو یەکە بنەڕەتییە زانستییەیە لە خوێندنی باڵاو لەو کاتەدا ئەو بەش و لقە زانستییانە دادەمەزرێن کە پێویستی کردەنی بە دادەمەزراندنیان هەبێ، بە مەرجێك پێنج لە مامۆستای پسپۆڕ هەبن کە دووان لەوانە بەلانی کەم خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرابن و ئەنجومەنێکی هەیە کە لەمانەی خوارەوە پێکدێ:

یەکەم: سەرۆکی بەش یا لق: بە بڕیاری سەرۆکی زانکۆ و بەپێشنیاری ڕاگری کۆلێج یا پەیمانگا دادەمەزرێ، بە مەرجێك پایەی زانستی لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت بۆ کۆلێج و مامۆستا(مدرس)یش بۆ پەیمانگا و بەڕێوەبردنی بەش یا لق لە رووی زانستی و کارگێڕی و پەروەردەیەوە دەگرێتەوە ئەستۆ.

دووەم: ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە لە (١٤) پتر نەبێ و لە (٨)یش کەمتر نەبێ و دەبێ خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بن یاخود لەوانە بن نازناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان هەبێ و ماوەی بەلانی کەم (٥) ساڵ خزمەتی زانکۆییان بە کردەنی هەبێ.

سێیەم: ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١. کارکردن لە پێناوی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان خوێندن و وردەکارییەکانی و کتێبەکانی خوێندن و پێشنیازی هەموار کردنیان یاخود گۆڕینیان لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەی لیژنە زانستییەکان لە بەش یان لق و ئەو بەش و لقانەی کە وەکو ئەوانن.
٢ـ پێشنیاز کردنی پێداویستیەکانی بەش یان لق لەلایەن ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە و تەکنیککاران و ڕاسپاردە پێشکەش دەکات دەربارەی بانگێش کردنی مامۆستای میوان.


www.mojkurdistan.com

٣. بڕیاردان لەسەر پرۆژەكانی توێژینەوەی زانستی كە لەلایەن ئەندامانی بەش یان لق پێشكەش دەكرێن بەپێی پێداویستیەكانی ئابووریە و كۆمەڵایەتیە و سیاسیەكانی كۆمەڵگاو و پێشنیاز كردنی شێوازی زامن كراو بۆ ئەنجامدانیان و راسپاردن بە یارمەتیدانی توێژینەوەی زانستی و كتێبە دانراو و وەرگێڕدراوەكان و بایەخدان بە توێژینەوەی قوتابییان و دابینكردنی پێداویستیەكانی جێبەجێ كردنیان.

٤ـ راسپاردنی بڕیاردان لەسەر پلانەكانی بەشە زانستییەكان لە بارەی بانگێشەی مامۆستا میوانەكانەوە.

٥ـ راسپاردنی بڕیاردان لەسەر ناونیشانی نامەزانستیە زانكۆیەكان و ناونانی لیژنەكانی تاقیكردنەوەی گشتگیر و سەرپەرشتیكارو بەشدار و ئەنجامی گفتوگۆكان.

٦. جێبەجێ كردنی بڕیارەكانی ئەنجومەنی كۆلێج یا پەیمانگا.

٧. دامەزراندنی لیژنە پەروەردەیی و زانستیەكان بە پێی پێداویستیەكانی بەش یان لقەكە.

٨ .سەرپەرشتی كردنی بەرێوەچوونی خوێندنەكان و شێوازەكانی دەرس گوتنەوە و ئەزموونەكان و هەڵسەنگاندنی ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە و بەدواداچوونی كاروباری زانستی قوتابییان لە ساڵە جیاجیاكانی خوێندن لە رێگای سەرپەرشتیكردنی زانستی بەردەوامەوە.

٩. بەدوا داچوونی پەرەسەندنەكانی زانستی بۆ زانیاری و زانستەكان و ئاراستە كردنی ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە بۆ نوێكردنەوە و پەرەپێدانی بەرنامەی خوێندن و سوود وەرگرتن لە تەكنۆلۆجیای تازە تاكو لەگەڵ رێڕەوی پەرەسەندنەكانی زانستی لە جیهاندا گونجاو بێت.

١٠. چاودێری كردنی مامۆستا داهێنەرەكان و قوتابیە سەركەوتووەكان و هاندانیان بە شێوەیەكی بەردەوام.

١١. دانانی پلان و میكانیزم بۆ گۆڕینی پرۆسەی دەرس گوتنەوە بۆ پرۆسەی فێركردن.

١٢. ئامادە كردنی موعیدەكان بۆ تەواو كردنی خوێندنی باڵا بە ئامانجی پڕكردنەوەی ناتەواوی لە كادیری دەرس گوتنەوە.

**ماددەی نۆزدەم:**

دەستەی دەرس گوتنەوە لە زانكۆ و دەستەكاندا لەمانە پێكدێن: .

**یە كەم:** پرۆفیسۆرەكـــــان

**دووەم:** پرۆفیسۆرە یاریدەدەرەكان

**سێیەم:** مامۆستایان (مدرسین)

**چوارەم:** مامۆستا یاریدەدەرەكان

**ماددەی بیستەم:**

**یەكەم:** مەرجە ئەو كەسەی نازناوی مامۆستای یاریدەدەری پێدەدرێ، خاوەنی بڕوانامەی ماجستێر یان هاوتای بێ و خولێكی شیاندنی بۆ پرۆسەی دەرس گوتنەوە بۆ ماوەی شەش مانگ سەركەوتووانە بڕێ كە مەرجەكانی بە رێنمایی دەردەچن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

دووەم: ئەگەر مامۆستای یاریدەدەر لە ماوەی(٥)ساڵدا لە رۆژی دامەزراندنیەوە بەرز نەکرایەوە بۆ پایەی مامۆستا ئەوا دەگوێزرێتەوە بۆ سەنتەرەکانی توێژینەوە لە زانکۆکان و دوو ساڵی پێدەدری بۆ بەرز کردنەوە بۆ پایەی مامۆستا و بە پێچەوانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ دەرەوەی زانکۆ.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

ئەو کەسەی دادەمەزرێ یان پلەی مامۆستای پێدەدرێ دەبێ یەکێك لەم دوو مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتەدی:

یەکەم: دەبێ بڕوانامەی دکتۆرایەکی دانپێنراو یان هاوتای لە رووی زانستییەوە وەدەست هێنابێ، یان دەبێ بروانامەی زانستی یان هونەری یان تەکنیکی یان پیشەیی بەدەستهێنا بێ لەو پسپۆڕییانەی کە بڕوانامەی دکتۆرای لێ نادرێ، یان بڕوانامەیەکی زانستیانەی هاوتای هەبێ، مەرجیشە ماوەی خوێندنی بۆ بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت لە دوای بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و رێگای دەرس گوتنەوەیشی پێ نادرێ تاکو لە خولێکی راهێنان بۆ ماوەی سێ مانگ بەشداریی نەکات و بەسەر کەوتوویی لێی دەرنەچێت و مەرجەکانیشی بە رێنمایی دەست نیشان دەکرێ.

دووەم: دەبێ مامۆستای یاریدەربێ لە یەکێك لە زانکۆکان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێ لە سێ ساڵ و لەو ماوەیەدا بەلانی کەم دوو توێژینەوەی بایخداری بڵاوکردبێتەوە و خاوەن هەوڵی دەرس گوتنەوەی باش بێت.

**ماددەی بیست و دووەم:**

مەرجە ئەو کەسەی دادەمەزرێ یان پایەی مامۆستای یاریدەدری پێدەدرێ لە پایەی مامۆستایی کاری کردبێ لە یەکێك لە دەزگاکانی خوێندنی باڵا بە دەرس گوتنەوە بۆ ماوەیەك لە (٤) ساڵ کەمتر نەبێ و لەو ماوەیەدا بەلانی کەم سێ توێژینەوەی بایخداری بڵاوکردبێتەوە کە لە یەکێکیاندا بە تەنیا ئەو کارەی کردبێ.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

مەرجە ئەو کەسەی دادەمەزرێ یان پلەی پرۆفیسۆری پێدەدرێ بڕوانامەی دکتۆرای وەدەستهێنابێ و مەرجەکانی ماددە(٢٢)ی ئەم یاسایەی لێ هاتبێتە دی و بەلانی کەم شەش ساڵ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەری بەسەردا تێپەربووبێت و لەو ماوەیەدا هەوڵی باشی دابێ لە دەرس گوتنەوەدا و ژمارەیەك لە توێژینەوەی بڵاوکردبێتەوە کە بەلانی کەم لە شەش توێژینەوە کەمتر نەبێ، سییانیان بەلانی کەم ئەسڵی بن و یەکێکیشیانی بە تەنیا ئەنجام دابێ.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێشوو دەشێ خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرای باوەڕ پێکراو یان هاوتاکانی لە رووی زانستیەوە لە زانکۆ یان دەستە بە پایەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دامەزرێ لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی زانکۆ یان دەستە، ئەگەر بەهەمان ماوە دەرس گوتنەوەی ئەنجام دابێ لە زانکۆکانی دەرەوەی هەرێم و شایەدی بۆ بدرێ لە دەرس گوتنەوەدا سەرکەوتوو بووە و توێژینەوەی زانستی بایخداری بەلانی کەم لە پێنج کەمتر نەبێ بڵاوکردبێتەوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

موعیدەكان: مەرجە ئەو كەسەی بە موعید لە كۆلێج دادەمەزرێ، بڕوانامەی بە كالۆریۆسی بە تەقدیری باشی بەلانی كەم هەبێ و لە سێ یەكەمەكانی بەشەكەی بێت و كاری بەشداریی كردن لە لێكۆڵینەوەی پراكتیكی و كردەنی و چاودێری ئەزموونەكان وچالاكی تر لە بەشەكە بگرێتە ئەستۆ.

## بـــــەشـــــی شـــــەشــــــەم

## ئەنجـــومەنـــــی بـــــالآی كوردســــــتان بۆ پســــــپۆڕایەتیەكـــانی پـــزیشــــكی

**ماددەی بیست و شەشەم:**

ئەنجومـەنی كوردسـتانی دەزگایـەكی فێركردنـە و لـە ئاسـتی زانكۆدایـە و حـەرمێكی ئـارام و پـارێزراوە و كەسایەتی مەعنەوی (سەربەخۆیی كارگێڕیی ودارایی و ئەهلییەی یاسایی ) پێویستی هەیە و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی و كاروبارەكەی ئەنجومەنێكی زانستی بەرێوەی دەبات.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

ئەنجومەنی كوردستانی هەوڵی ئامادەكردنی پزیشكی پسپۆڕ دەدات بە هاوكاری كردنی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لە لقە جیاوازەكانی پزیشكی و فەراهەمكردنی پێداویستیە پێویستیەكان بەپێی نوێترین شێواز و داهێنانی زانستی.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

یەكەم: ئەنجومەنی كوردستانی سەرۆكێكی دەبێ كە بڕوانامەی دكتورا یا هاوشێوەكەی لە پزیشكی دا هەبێ و بە پایەی پرۆفیسۆر بێ و بە پلەی تایبەتی دادەمەزرێ لەسەر پێشنیازی وەزیر بۆ ماوەی چوار ساڵ و قابیلی نوێكردنەوەیە بۆ یەكجار.

دووەم: سـەرۆكی ئەنجومـەنی كوردسـتانی یاریـدەردەرێكی دەبـێ كـە بڕوانامـەی دكتـۆرا یـان هاوتاكـەی لـە پزیشكی هەبێ و بەپلەی بەلانی كەم پرۆفیسۆری یاریدەدەر و خزمەتی زانكۆیی لە دە ساڵ كەمتر نەبێ و بـە پلـەی بەرێوەبـەری گشتی دادەمـەزرێ لەسـەر پێشنیازی وەزیـر و، كاروبـاری دارایـی و كـارگێڕیی دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

ئەنجومەنێكی زانستی ئەنجومەنی كوردستانی بەرێوەدەبات و سەرپەرشتی دەكات و لەمانە پێكدێ:

| | |
|---|---|
| یەكەم: سەرۆكی ئەنجومەنی كوردستانی: | ســـەرۆكە |
| دووەم: یاریدەدەری سەرۆكی ئەنجومەنی كوردستانی | ئەندام و بڕیـاردەردە |
| سێیەم: سەرۆكی ئەنجومەنی زانستی لقە پسپۆڕییەكان | ئـەندامـن |
| چوارەم: پزیشكێك نوێنەرایەتی وەزارەتی تەندروستی دەكات كە بەرزترین بڕوانامەی لە بواری پسپۆڕیی بەدەست هێنابێ: | ئەندامە |

پێنجەم: سەرۆكی ئەنجومەنی كوردستانی بۆی هەیە بانگهێشتی هەر كەسێك بكات كە بە پێویستی بزانی بۆ بەشداریی كردن لە كارەكانی ئەنجومەنی زانستی هەر كاتێك پێویستی كرد.


www.mojkurdistan.com

**ماددەی سییەم:**

ئەنجومەنی زانستی كۆبوونەوەی دەوری مانگانە دەبەستێ و دەشبێ لە سەر بانگهێشتی سەرۆكەكەی هەر كاتی پێویستی كرد كۆبوونەوەی تر ببەسترێ و نیساب بە ئامادە بوونی دوو لەسەر سێی ئەندامان تەواو دەبێت و بڕیار و راسپاردەكانی بەزۆرینەی دەنگی ئامادە بووان وەردەگیرێ و لە كاتی یەكسان بوونی دەنگەكان ئەولایەنە دەیباتەوە كە سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

**ماددەی سی و یەكەم:**

ئەنجومەنی زانستی ئەم دەسەلاّتانەی خوارەوەی هەیە:

**یەكەم: دەسەلاّتە زانستییەكان:**

١. بڕیاردان لەسەر كردنەوەی لقە زانستییەكان

٢ـ بڕیاردان لەسەر پلانی تەواوكردنی ناتەواویەكان لە میلاكی ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە

٣. جێبەجێ كردنی پلانی وەرگرتن لە ئەنجومەنی كوردستانی

٤ـ بەدواداچوونی پرۆگرامەكان و هەڵسەنگاندیان بەمەبەستی نوێكردنەوەیان و رۆیشتن لەگەڵ پەرەسەندنە زانستیەكان

٥. پێشنیاز كردنی پرۆگرامەكانی خوێندن و گۆڕینیان بۆ پتەوكردنی باری زانستی و پێشكەش كردنیان بە وەزارەت بۆ بڕیاردان لەسەری

٦. راگرتنی خوێندن بەگشتی و یان بەشێكی بۆ ماوەیەك لە (٦) رۆژ زیاتر نەبێ

٧. دانانی میكانیزمێك بۆ جێبەجێ كردنی پلانی وەزارەت و ستراتیجییەتەكەی.

**دووەم: دەسەلاّتە كارگێڕییەكان**

١. بڕیاردان لەسەر پلانەكانی پەیوەندیە رۆشنبیرییە دوو قۆڵییەكان لەگەڵ دەزگا زانستیەكانی دەرەوەی هەرێم و جێبەجێ كردنیان.

٢. گرێبەست كردن لەگەڵ ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوەو تەكنیكارانی بیانی

٣. رەزامەندیی دەربڕین لەسەر ئیفادكردن وئیعارەكردن مۆڵەتی خوێندن لە ناو هەرێمدا

٤. جێبەجێ كردنی پلانی ئامادە كردنی میلاكی زانستی و هونەریی و كارگێریی دەستە.

**سێیەم: دەسەلاّتە داراییەكان**

١. ئامادە كردنی پلانی بودجەی سالاّنەو وەبەرهێنان.

٢. پەسند كردنی بڕیاری لیژنەكانی تایبەت بە كوژاندنەوەو نرخاندن و كرێ و فرۆشتنی ماڵی گوێزراوەو نەگوێزراوەی دەستە بەپێی یاسا كارپێكراوەكان لە هەرێمدا.

٣. بریاردان لەسەر ژمێریارییە كۆتاییەكان.

**ماددەی سی و دووەم:**

یەكەم: ئەنجومەنی زانستی پسپۆڕیی لە سێ مامۆستای دەستەی دەرس گوتنەوە پێكدێ كە پلەی زانستیان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر كەمتر نەبێ.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

دووەم: ئەرکی ئەنجومەنی زانستی بە بەرزەفتکارییەکان دەسنیشان دەکریٚ کە لە ئەنجومەنی کوردستانیەوە دەردەچن.

**ماددەی سی و سێیەم:**

یەکەم: دەرچووی ئەنجومەنی کوردستانی بڕوانامەی زەمیلی ئەنجومەنی کوردستانی بالاًی لە پسپۆرییەکانی پزیشکی (بۆردی کوردستانی)پێدەدریٚ و بە بالاًترین بڕوانامەی پیشەیی لە بواری پسپۆڕی دادەنریٚ و خاوەنەکەی دووساڵی قیدەم بۆ حسێب دەکریٚ بۆ مەبەستەکانی سەر مووچەو بەرزکردنەوە و هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی پیٚ دەدریٚ لە رۆژی وەرگرتنیەوە.

دووەم: مەرجە ئەو پزیشکەی داوای وەرگرتنی بڕوانامەی ناوبراو دەکات بەلانی کەم ماوەی نیشتەجیٚ بوونی دەوریی تەواوکردبیٚ و هەموو مەرجەکانی وەرگرتنی لیٚ بێتەجیٚ.

**ماددەی سی و چوارەم:**

ماوەی خوێندن و پراکتیك لە ئەنجومەنی کوردستانی لە نێوانی ٤ ساڵ تاکو ٧ ساڵی ساڵنامەیی یە.

**ماددەی سی و پێنجەم:**

یەکەم: ئەو یاساو پێڕەو و رێنماییانە بەسەر ئەنجومەنی کوردستانیدا پیادە دەکریٚ، کە کاروباری دەرس گوتنەوەو قوتابیان لە زانکۆکانی هەرێم رێکدەخەن، بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ حوکمەکانی لەم بەشەدا هاتووە ناکۆك نەبیٚ.

دووەم: بەش و لقەکانی زانستی و پیشەیی ئەنجومەنی کوردستانی و مەرجەکانی قەبوڵ و تۆمارکردن و شێوازەکانی دەرس گوتنەوە و ئەزموونەکانی و دەوامکردن بەپێی ئەو رێنماییانە دیاردەکرین کە وەزیر دەریان دەکات.

## بـــــەشی حــــــەوتــــــــەم

## دەســـتەی کــوردســــــتانی بۆ خوێـندنــی ســــــتراتیـجی و توێژیـــــنەوەی زانســـــــتی

**ماددەی سی و شەشەم:**

یەکەم: دەستەیەك بە ناوی (دەستەی کوردستانی بۆ خوێندنی ستراتیجی و توێژینەوەکانی زانستی ) دادەمەزریٚ و تایبەتمەند دەبیٚ بە ئامادە کردنی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە بوارەکانی کۆمەلاًیەتی و ئابووری و سیاسی و توێژینەوە لە بوارەکانی پیشەسازیی و وزە و ژینگە و کشتوکاڵ و هی دی.

دووەم: دەستە کەسایەتییەکەی مەعنەوی لە رووی ( سەربەخۆیی و کارگێڕیی و دارایی و ئەهلییەی یاسایی) یەوە هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

**ماددەی سی وحەوتەم:**

یەکەم: دەستە فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بێت لە یەکێك لە بوارەکانی زانستی، دەبیٚ بە پایەی پرۆفیسۆر بێت و بە پلەی تایبەتی لەسەر پێشنیازی وەزیر بۆ ماوەی چوار ساڵ دادەمەزریٚ کە قابیلی نویٚ کردنەوەیە بۆ یەك جار.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

دووەم: سـەرۆكی دەسـتە یاریـدەدەرێكی دەبـێ كـە خـاوەن بڕوانامـەی دكتـۆرا بێـت و پایـەی زانـستی لـە پرۆفیسۆری یاریدەدەر كەمتر نەبێ و خزمەتی زانكۆیی لە (دە) ساڵ كەمتر نەبێ و بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێ و ئەركی كارگێڕیی دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

حوكمـەكانی یاسـای خزمـەتی زانكـۆیی كـە لـە هەرێمـدا كـاری پێـدەكرێ یـا هـەر یاسـایەكی تـر جێـی بگرێتەوە لە سەر كارمەندانی دەستە لەوانەی خاوەن بڕوانامەی دكتـۆرا و ماجستێرن پیـادەكرێ بـە مـەرجێك ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

یەكەم: دەرس گوتنەوە لە یەكێك لە دەزگاكانی وەزارەت بە نیوە رادەی نیسابیان.

دووەم: لە ماوەی ساڵێكدا بەلانی كەم توێژینەوەیەك تەواو بكەن.

سێیەم: هەر سێ مانگ جارێك سیمینارێك پێشكەش بكەن.

**ماددەی سی و نۆیەم:**

یەكەم: دەستە لەمانە پێكدێت: .

١. سەنتەری خوێندنە ستراتیجیەكان

٢. سەنتەری توێژنەوەی زانستی و تەكنۆلۆجی

دووەم: ئەركی سـەنتەری ئامـاژە بـۆكراو لـە بڕگـەی یەكـەمی ئـەم ماددەیـەدا دەكەوێتـە ئەسـتۆی بەڕێوەبـەرێكی گشتی خاوەن بڕوانامـەی دكتـۆراو بـە پایەیـەكی زانستی كـە لـە پرۆفیـسۆری یاریـدەدەر كـەمتر نـەبێ و خزمەتێكی زانكۆیی هەبێ كە لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

سێیەم: دەستە بودجەیەكی تایبەتی دەبێ كە لەگەڵ ئەركەكانیدا بگونجێ.

## بــــــەشی هەشـــــتەم

## دەزگـــــاكـــــانی خـوێـندنی بــــــالآی نـــــاحـكـومـــــی

**ماددەی چلەم:**

دەشێ بەپێی یاساو رێنمایی و بەرژەفتیەكان زانكۆ یان كۆلێج یاخود پەیمانگا یان نووسینگەی مەشق و شیاندنی باڵای ئەهلی لە بواری خوێندنی باڵا لە هەرێم دابمەزرێ.

**ماددەی چل و یەكەم:**

دەزگـا ناوبراوەكـان لـە مـاددەی چـلی ئـەم یاسـایەدا دەكەونـە بـەر حـوكمی هـەموو یاسـاو پـیڕەو و رێنماییـە بەركارەكان.

**ماددەی چل و دووەم:**

یەكەم: نابێ هیچ لایەنێك یا كەسێك بەر لەوەرگرتنی رەزامەندیی وەزارەت دەزگای خوێندنی باڵای نا حكومی لە هەرێمدا بكاتەوە یا بەڕێوەی ببات.

دووەم: نـابێ هـیچ دەزگایـەكی خوێنـدنی بـاڵای دەرەوەی هـەرێم لـق یـا نووسـینگە لـە هەرێمـدا بكاتـەوە هـەتا رەزامەندیی وەزارەت وەرنەگرێت.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

سێیەم: تەنیا وەزارەت تایبەتمەندە بە پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی هەر دەزگایەکی فێرکردنی باڵا کە سەر بە وەزارەت نەبێ جا حکومی بێت یان نا حکومی.

**ماددەی چل و سێیەم:**

یەکەم: وەزارەت هەموو ڕێکارێکی ئوسوڵی دەگرێتەبەر بۆ داخستنی هەر دەزگا یا لق یا نووسینگەیەك کرابێتەوە یا بکرێتەوە لە هەرێم بەرلەوەرگرتنی ڕەزامەندیی.

دووەم: هەر دەزگایەك یا لقێك یا نووسینگەیەك بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی وەزارەت دابمەزرێ، بەسەر پێچییەکی یاسایی دادەنرێ و پێویستە وەزارەت ڕێکاری ئوسوڵی بۆ داخستنی بگرێتە بەر.

سێیەم: حوکمەکانی بڕگەی دووەم لەم ماددەیەدا هەموو لقەکان یا نووسینگە دامەزراوەکان لە هەرێم بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، گەر هەریەك لەمانە نەهاتنە ژێرباری حوکمەکانی.

## بـــــەشی نـــــۆیــــــەم
## حوکـمە کـــۆتـــــایـیەکـــــان

**ماددەی چل و چوارەم:**

یەکەم: ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە پایەی خۆیان و هەموومافێکیان لەم یاسایە و یاساکانی تر و ئەو پێڕەوە وڕێنماییانە کە بە هۆیەوە دەرچوون دەپارێزرێ لە حاڵەتی تەنسیب کردنیان یا تەفەروغیان لە فرمانی دەرەوەی زانکۆ و دەستەکان و دامەزراندنیان. یان گواستنەوەیان بۆ فەرمانێك لە دەرەوەی سەنتەری وەزارەت یا سەنتەری زانکۆ و دەستەکان و، ماوەی مانەوەشیان لەو فەرمانانە بە خزمەتی زانکۆیی کردەنی بۆ مەبەستەکانی پلەپێدان و سەرمووچەو بەرزکردنەوەو خانەنشینی دەژمێردرێت.

دووەم: ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە مافی پلەپێدانی زانستی دوای خانەنشین کردنیان یاخود لە حاڵەتی دامەزراندنیان یان گواستنەوەیان بۆ فرمانی دەرەوەی دەزگاکانی خوێندنی باڵا دەکەوێ لە باری بوونی مەرجی پێویست بۆ پلەپێدانیان بەبێ مەرجی دەرس گوتنەوە.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

یەکەم: ئەمانەی خوارەوە بەپێڕەو دەسنیشان دەکرێن.

١. ئەو کاروبارانەی پەیوەندیدارن بە رابەری کردنی قوتابیان و ئاراستە کردنیان لە ڕووی زانستی و پـــەروەردەیی و کۆمەڵایـــەتی و هـــزری و چـــاودێری کردنیـــان و دەسنیـــشان کردنـــی ئـــەرك و بەرزەفتکردنیان و ناردنیان بۆ دەرەوە بۆ خوێندن و زەمالەکان و ڕێکخستنی مۆڵەتەکانی دەرس خوێندن و هەموو ئەوانەی پەیوەستن بە کاروباری زانستی و پەروەردەیی دیکە .

٢. پلە پێدانی زانستی بە ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە.

٣. یارمەتیدانی توێژینەوەی زانستی و دانان و وەرگـــێڕان.

٤. هەیکەلی کاری ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە.

٥. خوێندنی بـــــالاَ.

٦. مەرجەکانی کردنەوەی دەزگا زانستیە بـــالاَکـــانی ئەهلی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

٧. ئەرك و پێكهاتەی وەزارەت و دەرخستنی کارو فرمانەکانی.

**ماددەی چل و شەشەم:**

تـەنيا زانكـۆ و دەسـتە تايبەتمەنـدن بـە يـەكلا كردنـەوەی سـكالاكانی كـە پەيوەنديـدارن بـە قـەبولّ و گواسـتنەوە و ئەزموونـەكان و سـزا بەرزەفتيـەكان كـە بەسـەر قوتـابی دادەسـەپیّ و فەسـلّ كردنيـان بـە هـۆی دەرنەچـوونيان لەگـەلّ هەلّسەنگاندنی بڕوانامـەكان و پلـە زانستيە عێراقـی و بيانيـەكان كـە لـە دوای قۆنـاغی خوێندنی دواناوەنديی دێن لەگەلّ داواكاريی بەخشينی نازناو و بڕوانامەی زانستی و فەخريی.

**ماددەی چل و حەوتەم:**

زانكۆكـان و دەسـتەكان بۆيـان هەيـە بـۆ ئەنجامـدانی ئەزموونـە زانـستی و پيـادە كردنـەكانيان و مەشـقی قوتابيان، پەنا ببنە بەرهەموو لايەنێكی پسپۆڕ لـە فەرمانگـەكانی فـەرمی هـەرێم و كـەرتی تايبـەت و دەبیّ ئەو فەرمانگايانەش ئاسانكاری و يارمەتی پێويست بۆ بەديهێنانی ئەم كارە پێشكەش بكەن.

**ماددەی چل و هەشتەم:**

زانكۆ و دەستەكان لیّ بوردراون لە رەسمی گومرگ بەپێی ياسا كارپێكراوەكـان لـە هـەموو مـاددە و كـەل و پـەل و ئـامێر و بەشـەكانی و مـاددە يەدەگـەكان و مـاددەی تاقيگـەكان و هۆيـەكانی روون كردنـەوەو فلـيم و پەخـشنامە و كتێـب و چـاپكراوە هاوردەكـان لـە چوارچـێوەی پـرۆژە پـسپۆرييە زانـستيەكانی كـە خزمـەتی مەبەستەكەی دەكەن.

**ماددەی چل و نۆيەم:**

وەزير بۆی هەيە بەرێوەبەرايەتيەكان يان بەشەكان يان هۆبەكان لە ناو پێكهاتەكانی وەزارەتـدا دامـەزرێنی يان لێكيان بدات يان هەلّيان وەشێنێتەوە بەپێی پێويستی كارەكەی لە كاتی پێويستدا.

**ماددەی پە نجايەم:**

وەزيـر بـۆی هەيـە پێـرەو و رێنمـايی پێويـست بـۆ ئاسـانكاريی جێبـەجیّ كردنـی حوكمـەكانی ئـەم ياسـايە دەربچوێنیّ.

**ماددەی پە نجاو يەكەم:**

ياسای ژمارە(٣٣)ی سالّی ٢٠٠٤ی وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژينەوەی زانستی هەلّدەوەشێتەوە.

**ماددەی پە نجاو دووەم:**

كار بە حوكمی ماددەكـانی (٤٠،٤١،٤٢،٤٣)ی ئەم ياسـايە دەكـریّ تـاكو ياسـايەكی تايبـەت بـە زانكـۆ نـا حكوميـەكان دەردەچـیّ و پێويـستە لەسـەر ئەنجومـەنی وەزيـران پرۆژەيـەك لـە مـاوەی سـیّ مانگـدا پێـشكەش بكات.

**ماددەی پە نجاو سێيەم:**

كار بە هيچ دەقێكی ياسايی يا بڕيارێك ناكریّ گەر لەگەلّ حوكمەكانی ئەم ياسايە ناكۆك بیّ.

**ماددەی پە نجاو چوارەم:**

پێويستە لەسەر ئەنجومەنی وەزيران و لايەنە پەيوەنديدارەكان حوكمەكانی ئەم ياسايە جێبەجیّ بكەن.

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

**ماددەی پە نجاو پێنجەم:**

پێویســـتە ئەنجــومەنی وەزیـــران پـــــێڕەوی پێویســـت بـــۆ جێبـەجێ كــــــردنی حوكمەكــــانی ئەم یـــــاســـــــایە دەربكــــــات.

**ماددەی پە نجا و شەشەم:**

ئـــەم یــاســــــایە لـــە رۆژی بــــلاَوكــــــــردنەوەی لـــە رۆژنـــــــامەی فـــــەرمی (وەقـــــایعی كوردســــــتان)ەوە جــێبەجێ دەكــــــرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

ئەم یاسایە لە ٢ی خەرمانان ٢٧٠٨ی كوردی بەرامبەر ٢١ی رەجەب ١٤٢٩ی كۆچی و بەرامبەر ٢٤ی تەمموز٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد

## ـ هۆیەكــــــــانی دەرچــوونی ئەم یـــــاســــــایە ـ

پەرەسـەندنەكانی كۆمەڵایـەتی و ئـابووری و سیاسـی كـە هـەرێمی كوردسـتان . عێـراق پێیـدا دەڕوات، پێویستی بە سەیركردنەوە كرد لە زۆر بنەماو چەمك و میكانیزمەكانی پەیوەندیدار بە فەلسەفەی خوێندن و ستراتیجیەتەكەی، بە جۆرێك كە لەگەڵ ئامانجەكانی قۆناغی نوێ بڕوا بەڕێوە، لە میانەی دەركردنی یاسای نوێ بۆ وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمدا، بۆیە ئەم یاسایە پشتی بەست بە وەرگرتنی پرنسیپی ناسێنترالّی بۆ دەزگاكانی خوێندنی بالاّ لەلایەنی دارایی و كارگێڕییەوە و چڕ كردنەوەی لەسەر بەشەكانی زانستی لە زانكۆكان وەكو ناوكی بنچینەیی، و گرینگی توێژینەوەی زانستی لە خزمەتكردنی پێویستیەكانی كۆمەڵگەی كوردستاندا بێ، و بۆ مسۆگەر كردنی بەجێگەیاندنی دەزگاكانی خوێندنی بالاّ پەیامەكەیان لە مەیدانەكانی توێژینەوەی زانستی و ئامادەكردنی كادیری زانستی، دامەزراوی نوێ هاتە ئاراوە، وەكو ئەنجومەنی كوردستانی بالاّ بۆ تایبەتمەندیەكانی پزیشكی و دەستەی كوردستانی بۆ خوێندنەكانی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی، و گۆڕینی دەستەی خوێندنی تەكنیكی بۆ زانكۆی خوێندنی تەكنیكی و ڕێكخستنی دەزگاكانی خوێندنی بالاّی ناحكومی و هاوبەش لە یاسادا، هەموو ئەوانە بە ئامانجی كەمكردنەوەی كەلێن لە نێوان دەزگاكانی خوێندن لە هەرێمدا لەگەڵ زانكۆكانی جیهانی و خۆ گونجاندن لەگەڵ پەرەسەندنەكانی جیهانی لە مەیدانی خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی و لاكردنەوە لە پێداویستیەكانی كۆمەڵگەی كوردستان ... بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



www.mojkurdistan.com
علی عبدالرحمن محمد